# ژنان له دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا

ن: ئەردەڵان سۆلەیمانی

ئێران به درێژایی مێژووی خۆی له نیو یاری سیاسەت و دەسەڵات دا ، مافی ژنانی پێشێل کردووه و ئەو چاویلکەیه که له بواری سیاسیدا ژنانی پێ سەیر دەکرێت ، چاویلکەی دوا کەوتووی چالاکانی سیاسی نێو خۆی ئێرانه. دەسەڵات بەدەستانی سیاسی ئێرانیش ئەمەیان پی خۆشه ، چوونکه ئەوان بۆ خۆیان به توندی ناڕازین له بەشداری کردنی ژنان له کار و باری دەسەڵاتی سیاسی و هێشتاش له ئەم سەردەمه که سەدەی ٢١ه ئازادی بۆ ژنان و بەشداری کردنیان له نێو دەسەڵاتی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش نکۆڵی دەکرێت. هەندێ کەس باوەڕیان وایه که ئەگەر ژن بگاته ئەو ئاسته و دەسەڵاتی سیاسی بگرێته دەست، شێوازی ژیان کردن له نێو ئێران دەگۆڕێت و کۆمەڵگا بەرەو تێکچوون دەبەن، له حاڵێکدا وا نییه و ئەم فیکره ، فیکرێکی دوا کەوتوو و تێنەگەیشتنه. ئەم جۆره قسانه له لایان دەسەڵات به دەستانەوه ڕەوانەی نێو کۆمەڵگا دەکرێت بۆ ئەوەی که کۆمەڵگای پیاوان و ژنانی ئێران له بێ ئاگای دا بمێننەوه. ئەگەر چاوێک له ئەو وڵاتانه بکەین که ژنان له کار و باری دەسەڵات و سیاست دا بەشدارن ، بۆمان دەر دەکەوێت که نه تەنها کۆمەڵگاکەیان تێک نەچووه بەڵکو کۆمەڵگایەکی مەدەنی و مۆدێڕنیان به بەشداری کردنی هەموو خەڵکی وڵات بۆ هەموو دروست کردوه و وڵاتەکەیان خستوەته سەر ڕێگای پێش کەوتنەوه. ژنان نیوەی کۆمەڵگا پێک دێنن، وه به بێ بەشداری ئەوان له کار و باری دەوڵەت و دەوڵەت داری (سیاست زانین و گەیشتن به دەسەڵاتی سیاسی) وکۆمەڵایەتیش، وڵات پێش کەوتنی چاک به دەست ناهێنێت و کۆمەڵگا له نێو ئەو فیکر و باوەڕه کۆنانەدا دەخنکێت.

خەباتی بەردەوامی ژنان له سەردەمی مەشرووتەوه تا ئێسته بۆ سڕینەوەی ئەو ناعیدالەتییانه و نا یەکسانییەی که له نێو ئێران دا بوونیان هەیه ، هێشتا بێ ئەنجام ماوەتەوه. ڕاسته ژنان توانوویانه هەندێ جار خۆیان پیشان بدەن و تا ڕادەیەک ببن به خاوەن بڕیار، بەڵام ئایا ئەو بڕیارانه ، له سەر فیکری خۆیان بووه ؟ یان له سەر هەمان فیکری پیاو سالاری و ئەمان تەنها سۆمبۆل بوون؟ له سەرەتای دەیەی ١٩٣٠ زاینیدا ژنان له ئێران خاوەن ١٤ گۆڤار بوون که دەیانتوانی له ڕێگەی ئەو بڵاو کراوانەوه باس له ماف و کێشه کۆمەڵایەتیەکانیان بکەن. هەروەها له سالانی دەیەی ٧٠ ی زاینیدا توانوویان هەندێ ئازادی و مافی خوێندن به دەست بێنن و تا ڕادەیەکیش بەشداری بکەن له بڕیار داین له سەر کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی ئێران. بەڵام دوا به دوای شۆڕشی خەڵکی ئێران دژ به حکومەتی پەهلەوی ، ئەو مافانه دیسان له ژنان وەر گیرانەوه . ئێستەش پاش سەدەیەک له خەبات، ژنانی ئێرانی هێشتا له چاوی دەسەڵات بەدەستانەوه نابێت دەسەڵات بگرنه دەستەوه؛ چوون به فیکره دوا کەوتووەکەی ئەوان ژنان زەعیف و ناتەوانن و تەنانەت مافه ئاساییەکانیشیان ، وەکو تەڵاق وەرگرتن و منداڵ به خوێ کردنیان لێ وەر گیراوه. له مێژووی دوو حکومەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی ئێران هەر کام به شێوازێک بنەمای دەسەڵاتیان له سەر چەوساندنەوەی ژنان داناوه؛ له ژێر دەسەڵاتی ڕەزا شای پەهلەوی له سالانی ١٩٢٥ تا ١٩٤١ ی زاینیدا له ژێر ناوی به ڕۆژئاوا کردنی کۆمەڵگای ئێران ، بڕیاری بی حیجابی دەرکرد و به زۆر و به توندو تیژی کردن، حیجابیان له سەر ژنان لابرد. له بواری سیاسی و دەسەڵاتیش دا تەنها ژنانی چینی باڵا دەست و نزیک له بنەماڵەی شا دەیانتوانی هەندێ بەشداری بکەن له سەر کار و باری سیاسی دەوڵەت به سنووورداری. دواتریش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی ئێران به سەر حکومەتی پەهلەوی و به ئیسلامی کردنی کۆمەڵگا ، دیسان حیجابیان ئیجبار کردەوه و له سەرەتای دامەزراندنی باس له مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو دەکرا، که چی وردە وردە ژنانیان خسته لاوه و تەنها چینێکی ئاخوند به تەواوەتی دەستیان به سەر ولاتدا گرت و دواتر به دانانی یاسای ئایینی و هەندێ درۆ ژنانیان له زۆر شت دوور خستەوه و تەنانەت ئیشێکی وەهایشیان کردوه بۆ ئەوەی که ژن سەر هەڵنەدات ، پیاوانیش دەسەڵاتی خۆیان له سەر کنترۆڵ کردنی ژنەوه بسەلمێنن. ئەمه له حاڵێکدا بووه که ژنان له شۆڕشی ٥٧ ی ئێران شان به شانی پیاوان شۆڕش و خۆ پیشاندانیان کردوه. ئەم نا عیدالەتی و نا یەکسانیه به هۆی حاکم بوونی ئەو فەرهەنگه کۆنەیه که له لایەن دەسەڵات به دەستانی ئێرانی، بۆ پارێزگاری کردن له دەسەڵاتیان وەکو خۆی هێشتیانەتەوه و کۆمەڵگای ئێرانیان کردوه به پارێزەری ئەو فیکر و فەرهەنگه کۆنانه. بەڵام له ئەم چەند ساڵی ئەخیرەدا به هۆی پێش کەوتنی تۆڕه کۆمەڵایەتییەکان وئەنجوومەنی جیهانی مافی مرۆڤ، هەندێ له ژنانی ئێرانی به تایبەت فمێنیستەکان به خۆپیشاندان کردن داوا کاری مافی خۆیان بوون و توانوویانه خۆیان له هەندێ له پۆسته حکومەتییەکان وەکو پارلمانتار و بووین به ئەنجوومەنی شار و هەندێتر پۆستی حکومەتی جێگیر بکەن. بەڵام ئەم شتانه به مانای بەشداری سیاسی ژنان به واتای ڕاستەقینەکەی نییه؛ بەڵکو ئەو شتەی که به مافی سیاسی ژنان له نێو کۆمەڵگا مەعنا دەدات، دروست بوونی کۆمەڵگایەکی مەدنی و مۆدێڕنه که یارمەتی ژنان بدات تا وەکو ئەوەی که خۆیان له نێو چوارچێوەی ماڵەوه که هەزاران ساڵه تیایدا ژیانێکی پڕ له ناخۆشی دەکەن ، ڕزگار بکەن. هەروەها بەشداری سیاسی پەیوەندی به پێگەیاندنی سیاسییەوه هەیه که پێویسته مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگا له بواری سیاسیدا خوێندنیان هەبێت و پەروەردە بکرێن تا بتوانن له کار و باری سیاسی کۆمەڵگا بەشداری بکەن. ئەم پەروەردە کردنی سیاسییه ئەبێ له ڕێگای قوتابخانه و ئازادی کۆمەڵ و گروپه جۆراوجۆرەکان و کاناڵه ڕاگەیاندنەکانەوه بکرێت. بەڵام ئازادی وەها شتانێک له کۆماری ئیسلامی ئێراندا هیچ ڕێگەیەکی نیه؛ چوونکه به ئازاد بوونی ئەو چەند شتەی که له سەرەوه باسمان کرد، ژنان له ماف و توانای خۆیان ئاگا دەبنەوه و سیستەمی دینی و جێگا و پێگەی دەسەڵات بەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەوێته مەترسییەوه.هەر بۆیه بۆ مانەوەی خۆیان له سەر دەسەڵات، سیاسەتەکەیان بەرانبەر به ژنان ئەوەیه که به بیانووی جێبەجێ نەکردنی یاسای ئایینی ئیسلامی هەر ڕۆژ له نێو کۆمەڵگا ژنان سەرکوت دەکەن و بەندیان دەکەن و سیاسییه کان له سێ داره دەدەن و به ترساندنی خەڵک و گرتنیان و له سێداره داینی زیندانیه سیاسییه کان، ئیشێکی وەهایان کردوه که تەنانەت بنەماڵەکانی نێو کۆمەڵگا بەردەوام به گوێی منداڵانی خۆیان دا بێژن که کاریان به سیاسەتەوه نەبێت و له هیچ شوێنێک بەشداری تیادا نەکەن.

دروست بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و مۆدێڕن پەیوەندی به مافی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی ئەو وڵاته هەیه. بەڵام له ئێراندا به هۆی نیزامی پیاوسالاری و حاکم بوونی فەرهەنگێکی نەسازیاگ له گەڵ دنیای ئەمڕۆ و زاڵ بوونی به سەر هەموو کۆمەڵگای ئێران، ژنان باوەڕیان به توانای خۆیان بۆ دەسەڵات به دەست گرتن نیه و باوەڕیان وایه که سیاست و دەوڵەت داری تەنها له توانای پیاوان دایه. کێشەیەکی تر که هەیانه ، ژنه ڕۆشنبیرەکانن که خۆیان به فمێنیست دادەنێن و یەکتر قەبووڵ ناکەن؛ بۆ نموونه فمێنیسته فارسەکان نایانەوێت ژنانی کورد یان ژنانی نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران بچنه ڕیزیانەوه یان زۆر به سەختی قەبووڵی دەکەن؛ ئەو فەرهەنگی ڕەگەز پەرەستیه هێشتا له سەریان حاکمه و تا به ئەو شێوه بێت ناتوانن بگەیەن به داخوازیەکانیان به تایبەت گەیشتن به دەسەڵاتی سیاسی. هەر بۆیه ئەو مافانەی که له کۆماری ئیسلامی ئێراندا له ئەم چەند ساڵەی دواییدا دراوه پێیان سنووردار کراون و له ژێر چاودێری دەوڵەتدارانی پیاو سالارانەی ئێرانن و ڕێگەیان پێ نەدراوه تا وەکوو خۆیان ببیننەوه و زۆربەی کاتەکانیش له لایەن دەسەڵاتدارانەوه له پێناو بەرژەوەندی ئەوان به کار هێنراون و ئەمان وەکو سۆمبۆلێکن له سەر ئەو پۆستانه بۆ بەستنی چاو و زمانی داخوازانی مافی مرۆڤی جیهانی. ئەمه له حاڵێک دایه که زۆربەی وڵاتانی جیهان به تایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەمیش یەعنی ئێرانیش، مادەی ٢١ ی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤیان قەبووڵ کردووه که هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیه له بەڕێوه بردنی وڵاتەکەی دا ڕاستەوخۆ یان له ڕێگەی ئەو نوێنەرانەوه که به ئازادی هەڵبژێردراون بەشداری بکات.




دروست بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و مۆدێڕن پەیوەندی به مافی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی ئەو وڵاته هەیه. بەڵام له ئێراندا به هۆی سیستەمی پیاوسالاری و حاکم بوونی فەرهەنگێکی نەسازیاگ له گەڵ دنیای ئەمڕۆ و زاڵ بوونی به سەر هەموو کۆمەڵگای ئێران، ژنان باوەڕیان به توانای خۆیان بۆ دەسەڵات به دەست گرتن نیه و باوەڕیان وایه که سیاست و دەوڵەتداری تەنها له توانای پیاوان دایه